# نیهایەت

موحسین ئەدیب



نیهایەت، نیهایەتی بینین...،
نیهایەت، نیهایەتی شیعر ....،
نیهایەت، نیهایەتی زمان ....،
نیهایەت، نیهایەتی سەفەر .... ،
...............................................،
لە نیهایەتی زمان داهاتوو دێڕێکی نەدامێ بۆ ووتن ....،
ئەو لە نیهایەتی ئاودا هاتوو کانیەکی پێنەناساندم .......،
ئەو لە نیهایەتی ووشەدا هات و حەرفەکانی بەهەتیوی بەجێهێشت .... ،
ئەو لەنیهایەتی ئاگردا هاتو، باڵای منی بۆ سوتان بەجێهێشت
ئەو لەنیهایەتی هەناسەدا هاتو، ،
تاسانی بەدیاری هێنا بۆ گەروو....،
ئەو لە نیهایەتی چاودا هاتوو
دەرگای نیگاکانی داخست ....،
من لە ژێر چەپۆکی ئەم چەترەدا کوا دەتوانم هەناسەکان
گلبەمەوە ....،
من لەتاریکایی ئەم گۆڵدانەدا کوا دەتوانم شیعرێك
بنێژم ....،
چۆن بتوانم لەمشتێك چاودا، ئەو هەموو نیگایانە لە
بەرد بسەنمەوە ...!
چۆن بتوانم لە نیهایەتی گەشتتدا، بەدوی هەنگاوەکانی
خاکدا بگەڕێم
..................................................،
ئەو، سەفەر بوو هاتو هەرچی یادگاری هەبوو بردی
ئەوسەبا بوو هاتو هەرچی بەیان هەبوو
ماشییەوە ....،
ئەو شیعر بوو هاتو هەرچی ووشە هەبوو بەگەردنی
خۆیەوە هەڵواسی ....،
ئەو دەفتەر بوو هاتو،هەرچی پەڕە هەبوو
دایخست ....،
ئەو پێنووس بوو هاتو هەرچی مەرەکەب هەبوو
هەڵیلووشی ....،
ئەو منداڵ بوو هاتو هەموو یارییەکانی
لێسەندینەوە ....،
ئەو دەجال بوو هاتو هەموو درۆکانی

www.kurdistannet.org
13-6-2003 1:19

پێچاپەوە ...،

ئەو لەنیهایەتی دووکەڵدا هاتو هەمووجگەرەکانی

کوژاندەوە ...،

......................................

من هەرگیز نەمتوانیوە بە نیهایەتی خۆم ئاشنابم

کەچی لەنیهایەتی تۆدا ئەشك ئەنێژم ...،

من هەرگیز لەگەڵ هەناسەیەکی خۆمدا نەدواوم

کەچی لەنیهایەتی هەناسەکانی تۆدا حەسرەت

دەناسم ...،

من هێشتر سەرەتای خۆمم نەنووسیبویەوە ...،

کەچی تۆ هاتیتو نیهایەتت بۆ دەنووسیمەوە

ئاخر کەی من بەسەر تاوێرەکانەوە نوستووم ؟

تۆ دێیتو خەونەکانم دەتاسێنی

ئاخر من کەی دەتوانم لەگەڵ زەویدا بجەنگم

تۆ دێیتو حیکایەتی ووشکانیو سیحری زەریاکانم بۆ دەگێڕێتەوە...،

ئاخرکەی من لەگۆڕی قەدەر دێم...،

کە تۆ دێیت ..........، من قەدەر کوشتومی .......،

خۆزیا، بەر لە قەدەر لە ناخی تۆدا منێك لەدایك دەبوو ....،

خۆزیا، لە بەرامبەر باڵای تۆدا ئەلفێك دەبووم ....،

خۆزیا، لە ئامێزی تۆدا بەساوایی گەورە دەبووم

ئێستا من............

نە حەرفێکم بنووسرێم،

نە باڵایەکم بسوتێم ...،

نە ساوایەکم بگریەم ...،

نە مردوویەکم بنێژرێم ...،

..........................................،

لە ئامێزمدا گەورە بە ئەی فریشتە

لەشیعرمدا خۆت بنوسەوە، بالە ناخمدا سەوزبی ....،

............................................،

ئەی قەدەر لێمگەڕێ

با لەگەڵ گۆرانیەکانی باراندا سەفەر کەم

لە ناخی ئاوازە کپەکانی خاکدا مەحوببمەوە ..........،

ئەی عەشق لێمگەڕێ

با لەگەڵ خەمباری دوکەڵی جگەرەیەکا هێوربیمەوە ....،

ئەی سوڵتان لێمگەڕێ

من هەرگیز نە بەسەرە تای نیهایەتدا دەگەمو

نە بە نیهایەتی نیهایەتیشدا دەتوانم بگەڕێم ....،

ئەی قەدەر بۆ تەنها جارێکیش

سەرەتایەکم بۆ نیشان کە ...،

ئەی فەلەك بۆ تەنها ساتێکیش

حەرفێکم لەگەڵدا بڵێ ...،

ئەی عەشق بۆ تەنها چرکەیەك ...،

بەلێوەکانی مەسیح گۆرانی پێکەوە گریدانی

سەرەتاو نیهایەتی نیهایەتم لەگەڵدا بڵێ ...،

با سەرەتای من سەرەتای نیهایەتو

نیهایەتی ئەو نیهایەتی من بێ

......................

لە نیهایەتی بینیندا نیگایەکم دەوێ بۆ ئەبەد

..................................

ئەو لەکۆتایی مێژودا هات و ڕەشایی لاپەڕەکانی بۆ سپی کردمەوە ...

ئەو عیرفان بوو هات و ................................،

ئەو نەفەس بوو هاتو هەموو چوارینەکانی خیامی لەتەکمدا نۆشی

ئەو لەیلا بوو هاتو شەوەکانی مەجنونی بەسەرەتای رۆژەکانم ئاشناکردەوە

ئەو شەم بوو هاتو بەخوێنی بنمیچی چیاکانی عەشق

سەری هەموو دێوانەکانی موفەڕەککرد

ئەوهەڵەبجە بوو ..................

هاتو هەموو یادگارییە سەوزەکانی بەهاری

بەگەردنی گوڵاڵەیەکی سورەوە هەڵواسی

ئەو هات و بەدەم قەپ کردن بەسێوێکدا ووتی :

)ژیان هێندەی بەرزبونەوەی تۆپێکی باغەیە بەشەقی منالێکی لاکۆلاَن،

ئەوەی قاچی شەقی نەبێ ناژی)

بەلێوێکی تەڕەوە هات و بەئاوازێکەوە ووتی:

)ژیان لیکێکە لەنێوان دوولێودا ئەوەی دوولێوی نەبێ ناژی)

چاوەڕێم ئەی یار لەگەڵ سەبادا لایەکم لێبکەرەوە،

چاوەڕێم ئەی هەتاو لەگەڵ باراندا .........، ،

لەجەژنی لەدایکبونی دا .........،

سەرێکبدەنەوە لەپەلکە گیا......، ،

،سەرێك بدەنەوە لەکانی،

،سەرێك بدەنەوە .........، ،

ئەی یار لەگەڵ شەقامدا هەموو هەتاوەکان بدەنەوە بەکۆڵی شەوداو لەچاوی هەموو کازیوەیەکدا بنووسە

)لە نیهایەتی بینیندا نیگایەکم دەوێ بۆ ئەبەد)

(لەنیهایەتی بینیندا نیهایەتێکم دەوێ بۆ ئەبەد)

2002/3_19/18

نیهایەت